

# هۆی ڕاگرتنی خولی کوردستان لە یاری پایسکیل سواری چی بوو؟

ڕاپۆرت: فایلی وەرزشی

*دوای ئەوەی قۆناغی یەکەمی خولی کوردستان لە یاری پایسکیل سواری بەڕێوەچوو کە وا بڕیار بوو بە سێ قۆناغ بەڕێوە بچێت، بەڵام دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی یەکەم خولی کوردستان ڕاگیرا، ئێمەش بۆ زانینی هۆکاری ڕاگرتنی خولی کوردستان بە پێویستمان زانی چەند دیمانەیەك ئامادە بکەین.*


**سەرەتا عەبدولقادر نورەدین ڕاهێنەری پایسکیل سواری یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی لاوانی عێراق دەربارەی ڕاگرتنی خولی کوردستان بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن:**

پێشتر وا بڕیار بوو خولی کوردستان بە سێ قۆناغ بەڕێوە بچێت تەنیا یەك قۆناغ ڕۆیشت هۆکارەکەش نازانین بۆ ڕاوستا ئێمە وەکو یانەی هەولێر لە هەر سێ تەمەن یەکەم بووین و حەز دەکەین وەکو خولی عێرق خولی کوردستانیش چوار قۆناغ بێت، چونکە هیچمان لەوان کەمتر نییە بەڵکو لە خولی کوردستان (١٢) یانە بەشداری دەکات و لە خولی عێراقیش ٦ یانە بەشداری دکات و وا باشترە خولی ڕاهێنەرایەتی و ناوبژیوانیەتی مان بۆ بکەنەوە باشتر وایە ئەم خولانە لە دەرەوەی وڵات بێت، ئێمە چەندین تیپی ئافرەتانمان هەیە لە کوردستان بۆ خولیان بۆ ناکرێتەوە و پێمان باشە ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان زیاتر گرنگی بە یاری پایسکیل سواری بدەن، هەروەها لە (١٣)ی ئەم مانگە خولی عێراق لە هەولێر بەڕێوە دەچێت یەکێتی ناوەندی پایسکیل سواری عێراق داوای پارەی لە ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان کردووە کە هاوکاریان بکەن تا خولەکە لە هەولێر بڕوات، وئەنجام نەدانی ئەم دوو قۆناغەش زیانێکی زۆر بوو بۆ یاریزانەکان، چونکە ئەگەر یاریزان بە بەردوامی مەشق بکات و بەشداری لە خولێك نەکات ئەوە مەلەل دەیگرێ و حەزی لە یارییەکەش نامینێ، ئەوەش ماوە بڵێن کە یەکێتی پایسکیل سواری هەولێر خولێکی کراوەی تایبەت بە یانەکانی هەولێر کردەوە کە سەرکەوتوو بوو، خوازیارین بەرپرسانی پایسکیل سواری و ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان خولی بەردەوامان بۆ بکەنەوە چونکە زۆربەی یاریزانەکانی یانەکانی کوردستان لە هەڵبژاردەکانی عێراق یاری دەکەن و پێویستیان بە خول و مەشق هەیە.

**دواتر دلێر ڕەسول جێگری سەرۆکی یەکێتی ناوەندی پایسکیل سواری کوردستان گوتی:**

پاش تەواو بوونی قۆناغی یەکەم کە لە هەولێر ئەنجامدرا ئێمە وەکو یەکێتی ناوەندی پایسکیل سواری کوردستان بڕیارماندا کە قۆناغی دووەم و سێیەم لە سلێمانی و دهۆك ئەنجام بدەین، بەڵام ئەوە بوو هەڵبژاردەی عێراق بۆ ماوەی یەك مانگ لە وڵاتی میسر ئۆردوگایەکی مەشقی ئەنجامدا دواتر بەشداری لە پاڵەوانییەتی عەرەبی کرد کە لە وڵاتی سوریا ئەنجامدرا کە تیاییدا (٦) یاریزانی کورد لە هەڵبژاردەی عێراق یارییان کرد بۆیە نەمان توانی قۆناغی دووەم وسێیەم ئەنجام بدەین کە ئەمە هۆکاری سەرەکی بوون، لێرەوە دەمەوێ بڵێم کە ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان هاوکارییەکی باشی ئێمەیان کردووە، ئێمە لە یەکێتی ناوەندی پایسکیل سوارانی کوردستان سەرقاڵی ئەوەین کە پاڵەوانیەتیەك بۆ شارەکانی کوردستان بۆ کوڕان و کچان ئەنجام بدەین، بەراستی حەزمان دەکرد لە وەرزی ئەمساڵ هەر سێ قۆناغ ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی بتوانین پاڵەوانی کوردستان لە کوڕان و کچان دەستنیشان بکەین.






سوارە محەمەد پیربال پاڵەوانی عەرەب و عێراق و کوردستان لە بەرزکردنەوەی قورسایی تایبەت بە گوڵان

# لەبەر نەبوونی پشتگیری و هاوکاری بەنیازم واز لە یاری بەرزکردنەوەی قورسایی بهێنم

دیمانە: ڕێبین ڕەمزی

**دیمانە: ڕێبین ڕەمزی**

*** تا چەند لە خۆت ڕازی بووی لە بەشداریکردنت لە یارییەکانی عەرەبی؟**

- سەبارەت بە خۆم زۆر لەو ئەنجامە ڕازییم و حەزیش دەکەم یەکێتی بەرزکردنەوەی قورسایی عێراق و کوردستان و هەولێرێش بڕیاری خۆیان لەسەر ئەم ئەنجامە بدەن.

*** هەست بە چی کرد وەکو لاوێکی کورد کە بەشداریت لەم پاڵەوانیەتیە کرد؟**

- بەڕاستی ئەمە ماوەیەکە بەشداری لەو جۆرە پاڵەوانیەتیانە دەکەم و کە کاتێك بەشداربووکان ئێمە دەبینن کە بەو زمانە قسە دەکەین تووشی سەرسوڕمان دەبن ئێمە لە لای خۆمان کورد بوونی خۆمانیانی پێ دەڵێن و باسی کوردستانیشیان بۆ دەکەین و شانازی بە کوردایەتی خۆمان دەکەین و شانازی بەوەش دەکەین کە لە خولێکی عەرەبی ئاڵای کوردستان بەرزبکەینەوە و سروودی ئەی ڕەقیبمان گوت ئەمەش هەستێکی یەکجار خۆشە.

*** لە شاندی عێراق لە پاڵەوانیەتی عەرەبی جیاوازی لە نێوان کورد و عەرەب بە دی دەکرێ؟**

- بەڵێ ئەمە ڕاستە، دەتوانن ئەم پرسیارەش ئاراستەی هەردوو شاندی وەزارەتی وەرزش و لاوان و ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان بکەن کە بەشداربوون لە نێو شاندی عێراق و جیاوازی لە نێوان یاریزانانی کورد و عەرەب هەیە و سووکایەتیمان پێ دەکەن و ڕکابەریمان دەکەن و چەندین تەشەنە و تەگەرە دەخەنە بەردەممان، ئێمە لە یانەکانی کوردستان زۆر یاریزانی باشمان هەیە، بەڵام ئەوان زۆر هەوڵ دەدەن یاریزانی شیعەیان نزیك لە خۆیان بهێنن ئەنجام لای وان گرنگ نییە بەڵکو گرنگ سەفەرەکەیە لە سایەی خواوە توانیوومانە بە ڕێگایەکی پاك و خاوێن بەرانگاریان ببینەوە و تیاییدا کوردایەتی خۆمان بسەلمێنین.

*** دەکرێ بزانین کاردانەوەی یەکێتی بەرزکردنەوەی قورسایی لەمبارەیەوە چییە؟**

- لەبەر ئەوەی ئێستا باردودۆخی ئەمنی بەغدا و شارەکانی دیکەی عەرەب نشین باش نییە بۆیە یەکێتی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان و هەولێریش ناتوانن سەردانی بەغدا بکەن و قسەیان لەگەڵدا بکەن و بۆیە ئەوانیش بە هەوایی خۆیان کار دەکەن،ساڵانە پاڵەوانیەتی لە نێوخۆیان دەکەن بۆ هەڵبژاردەکانی عێراق پێمان دەڵێن گەر بەشداری نەکەن وەرتان ناگرین و لە شوێنی ئێمە یاریزانێکی خۆیان دەهێنن.

*** لە چەند دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنی تەئکید لەوە دەکەیەوە کە بەنیازی واز لە یاری بەرزکردنەوەی قورسایی بهێنیت دەکرێ بزانین هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- وەکو ئاماژەم پێکرد کە لە ساڵی ١٩٨٩ ئەو یارییە دەکەم لە سایەی خواوە توانیوومە شتێك پێشکەش بکەم بۆ خۆم و بۆ بنەماڵەکەم و بۆ کوردستانی خوشەویست و بۆ یەکێتی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان بە گشتی و بۆ شاری هەولێر و توانیم شوێنی پاڵەوانانی شاری هەولێر تاهیر سابیر و ڕزگار شاکر و دکتۆ دهام بگرمەوە و شوێنی وان لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق پڕبکەمەوە، بەڵام بەداخەوە پێشتر کە ئەنجوومەنی باڵای وەرزشی هەبوو دواتر ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان و وەزارەتی وەرزش لاوان شتێکی وایان بۆ من نەکردووە کە ژیانم مسۆگەر بکەم من ئێستا خێزاندارم و باری ئابووریم زیاتر قورسترببووە و خەمی ئەوانیش لە ژیانی ڕۆژانە زیادیکردووە و گرانیەکی زۆرە گەر بزانم بژێوی ژیانم مسۆگەر ناکەن ئەوە بڕیارم داوە واز لەو یارییە بهێنم، ئەوەندەی خزمەتی وەرزشی کوردستانم کردووە بڕوا بکەن ئەوەندە کارم بۆ خۆم بکردبایە دەبوومە خاوەنی خانوو و سەیارەی خۆم.

*** دەکرێ بزانین کێ هاوکاریت ناکات، ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان یان وەزارەتی وەرزش و لاوان یان یانەی هەولێر وەکو پێویست هاوکارێت ناکات ؟**

- بەڕاستی من لە دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی هەولێر ڕازیم کە بە هەموو شێوەیەك یارمەتی منیان داوە، بەڵام ئەوانیش لە چوارچێوەی سنووری خۆیان ناتوانن زیاتر هاوکاریم بکەن و هەموو شتێك بۆ من دابین بکەن، بەڕاستی گەر ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان دوو یاریزانی وەکو ئێمەی نەبێ ناتوانی لە بەغدا باس لەوە بکات کە لێژنەی ئۆڵۆمپییەك دابمەزرێنێت، لەو شوێنانە باسی پاڵەوانان هەرێم تەها و ئیسماعیل مەولود و پاڵەوانانی شەترەنج و پایسکیل و گۆڕەپان و مەیدان و هەموو یاریزانەکان دەکەن و خۆیان بەدیار دەخەن، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ ئەوەش هیچ پاڵپشتی ئێمە ناکەن.

*** دەکرێ بزانین گەر هاوکاری نەکرێت بڕیاری کۆتایی وازهێنان دەدێت؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت لە مانگی نیسانی ساڵی (٢٠٠٨) لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەشداری لە پاڵەوانیەتی ئاسیا دەکەم و گەر توانیم بگەمە ئۆڵۆمپیادی پەکین کە ئاواتی گەورەمە پاش ئەو کاتە واز دەهێنم.

*** چیت بۆ بکرێ تا لەم بڕیارە پەشیمان ببیتەوە؟**

- گەر سەیری وڵاتانی جیهان بکەین یاریزانیان ژیانیان مسۆگەر کراوە ئینجا یاری دەکەن لە گشت یارییەکان، بەداخەوە ساڵی (٢٠٠٦) من لەسەر گیرفانی خۆم یەکێتی بەرزکردنەوەی قورسایی هەولێرم بردووە بۆ بەغدا تا بەشداری بکەین دەبووایە ئەوان پارە بۆ من سەرف بکەن کەچی لای ئێمە پێچەوانەیە، من لە بەغدا تا ناوی کوردستان بەرزبکەمەوە لە شاری بەغدا (٨) ڕۆژ لە هۆڵەکانم خەوتم.

*** چۆن دەڕوانیتە ئاستی بەرزکردنەوەی قورسایی لە کوردستان بە گشتی و لە هەولێر بە تایبەتی؟**

- پێویست ناکات ئێمە قسەی لەسەر بکەین لای خەڵك شاراوە نییە بەرزکردنەوەی قوڕسایی لە شاری هەولێر مێژوویەکی زێڕینی هەیە و تاکە یارییە هەر بەم ئاست بەرزیەماوە بگرە لە محەمەد یاسین و تاهیر سابیر و چەند پاڵەوانیەتی دیکە بەشداری پاڵەوانیەتی جیهانیان کردووە، ئێستاش ئاستی ئەو یارییە زۆر باشترە و چەندین پاڵەوانی باشمان هەیە، یانەی هەولێر پێگەیەکی تەواوی داناوە لە ژێر سەرپەرشتی ڕاهێنەر خەسرەو قەساب، گەر بێتو ئاورێك لەو یارییە بدەنەوە یانەی هەولێر دەبێتە یەکێك لە یانە ناودارەکانی عێراق و عەرەب و ئاسیا.

* بەرنامەی داهاتووت چییە؟

- دوای ئەوەی بەشداریم لە پاڵەوانیەتی عەرەبی کرد زۆر زانیاری نوێم دەست کەوت و هەوڵ دەدەم هاوکاری یاریزانان کارزان و محەمەد و یاریزانانی دیکە بکەم و ئەوەی وەرمگرتووە پێشکەشیان بکەم، هیوادارم سوودی لێوەر بگرن و لە دوا رۆژیشدا شوێنی ئێمە پڕبکەنەوە.

*** چۆن بۆ پالاوتنی پەکین خۆت ئامادەکردووە؟**

- ئەوەی راستی بێت من بەیانیان بە تەنیا مەشق دەکەم و ئێوارانیش تا درەنگی شەو مەشق دەکەم بۆ ئەم کەرنەڤاڵە.

*** سیستەمی سەرکەوتنی یاریزان بۆ ئۆلۆمپیادی پەکین چۆنە؟**

- گەر بێت هەڵبژاردەی عێراق بتوانێ لە جامی ئاسیا پلەی سێیەم وەربگرێ بۆی هەیە چوار یاریزان بەشداری لە ئۆلۆمپیادی پەکین بکات و ئێستا دوو یاریزان پاڵێوراوە کە ئەمە سیستەمێکی نوێیە کە هەر وڵاتێکی هەژار و بێ هێزە دوو کورسیان بۆ داناوە تا ئێستا دیار نییە لە عێراق کێیە، بەڵام پاڵێوراوی یەکەم هەرێم تەهایە لە یانەی سلێمانی و لەوانەشە من ببمە پاڵێوراوی دووەم گەر منیش نەبووم ئەوا لە پاڵەوانیەتی ئاسیا خۆم ماندوو دەکەم.

*** دەکرێ بزانین لەچی پەشیمانیت؟**

- لەوە پەشیمانم کە سەردانی هەندێ خەڵك دەکەم بە ئاستێکی باش سەیرمان ناکەن بەداخەوە.

*** لە بەرزکردنەوەی قورسایی حەز دەکەی بگەیتە ئاستی چ یاریزانێك؟**

- لە سایەی خواوە من ئەنجامی باشم وەرگرتووە لە پاڵەوانیەتیەکان بەشدار بکەم، بەڵام حەز دەکەم وەکو یاریزانان رەزا زادە و خەلیل موتلّی و نەعیم سلێمانۆڤ بم کە ئەوان مێژووی بەرزکردنەوەی قورساییینە، گەر ئێمەش وەکو ئەوان هاوکاری بکرێن بێ گومان دەگەینە ئاستی ئەوان.



■ سوارە محەمەد پیربال لە دایك بووی ساڵی (١٩٨٢)ە لە شاری هەولێر و لە ساڵی (١٩٨٩) لە بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێر دەستی بە یاری بەرزکرنەوەی قورسایی کرد دواتر چووە ریزی یانەی تورکمان و پاشان چووە ریزی یانەی هەولێر و بەشداری لە پاڵەوانییەتی عێراق لە کێشەی (٤٨)کغم کرد کە توانی ریکۆردێکی نۆی بۆ عێراق تۆمار بکات و لە ساڵی (٢٠٠٣) لە کێشی (٦٩)کگم لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەشداری لە پاڵەوانییەتی عەرەبی کرد کە لە سوریا ئەنجام درا توانی سێ میدالیای زێر بە دەست بهێنێت و لە هەمان ساڵ بەشدار لە پاڵەوانییەتی جیهانی کرد و لە ساڵی (٢٠٠٦) لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەشداری پاڵەوانییەتی عەرەبی کرد کە لە یەمەن ئەنجام درا توانی میدالیایەکی زێر و دوو زیو بە دەست بهێنێت و لە هەمان ساڵ لەگەڵ یانەی هەولێر بەشداری خولی یانەکانی عەرەب کرد کە تیاییدا یانەی هەولێر بۆ یەکەم جار لە مێژووی توانی پلەی سێیەم بە دەست بهێنێت دواتر لە ساڵی (٢٠٠٧) جارێکی دیکە لەگەڵ یانەی هەولێر بەشداری پاڵەوانییەتی یانەکانی عەرەبی کرد کە لە ئوردەن ئەنجام درا کە توانی سێ میدالیای زێر بە دەست بهێنێت و نازناوی باشترین یاریزانی لەم پاڵەوانیتیە وەرگرت کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراق کە یاریزانێك ئەم نازناوە وەربگرێت و بەشداری لە پاڵەوانییەتی جیهان کرد، پێش دوو هەفتە بەر لە ئێستا یارییەکانی پاڵەوانییەتی عەرەبی لە قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسر بە کۆتا هات لە نێو شاندی عێراقی چەندین یاریزانی بە توانای کوردی لە بەرزکرنەوەی قورسایی تێدا بوو و توانیان چەندین میدالیا بە دەست بهێنن لەوانە پاڵەوانی شاری هەولێر سوارە محەمەد پیربال بوو کە توانی میدالیایەکی زیوو و دوو برۆنز بە دەست بهێنێت، ئێمەش بە باشمانزانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەی لەگەڵ ساز بدەین.■

*** بەرای تۆ چی بکرێ تا ئەو یارییە زیاتر پێش بکەوێ؟**

- ئەم یارییە پێویستی بە هەندێ شت هەیە وەکو هەندێ تەبەڵە و ئاسنی سویدی و کەل و پەلی ئەو یارییە کە بڕە پارەیەکی کەم دابین دەکرێ بەداخەوە ئەوانەی بەرپرسن لە وەرزش ئاور لە یارییە تاکەکان نادەنەوە کە هەر ئەوانیش مێژوویان بۆ کوردستان تۆمارکردووە.

*** بە چ شتێك زۆر نیگەران دەبێت؟**

- بەراستی ئەو کاتە زۆر نیگەران دەبم کە بەشداری پاڵەوانیەتیك دەکەم و ئەنجامی باش وەردەگرین و بە دڵێکی خۆش دەگەرینەوە هیوای ئەوە دەخوازین کە بەرپرسان ئاورێکمان لێ دەدەنەوە و پێشوازیمان لێ دەکەن، بەڵام بەداخەوە بە ساردوو سڕی قسەمان لەگەڵ دەکەن و کەس سەردانمان ناکات، هەروەها رۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنیش سەردانمان ناکەن.

*** چ پەیامێکت بۆ لاوان هەیە؟**

- ئەوەی راستی بێت ئەوەی ئەو شتانەی من بخوێنتەوە وابزانم کەس ئەو یارییە ناکات، زۆر یاریزانی لاومان هەیە کە ئاست بەرزن، سەیری ئێمە دەکەن کە هیچمان بۆ نەکراوە ئەوانیش لە کارەکەیان سارد دەبنەوە، هیوادارم بۆ خۆیان یاری بکەن و ناوی کوردستان بەرزبکەنەوە و زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە.



**لە گرنگترین یارییەکانی خولی کوردستان**

# کەرکووک و ئاسۆ، پێشکەوتن و هەولێر

رۆژی پێنـــج شـــەممە و هەینـــی یارییەکانی جەولەی شەشـــەمی قۆناغی یەکەم لـــە خولی پلـــە نایابەکانی کوردســـتان بەرێوە دەچێت کە تیاییدا رۆژی پێنج شەممە یانەی پێشکەوتن میوانداری یانە هەولێر دەکات کە تیاییدا یانـــەی هەولێر هەوڵ دەدات کە ســـێ خالـــی یارییەکە مســـۆگەر بکات بۆ ئەوەی بتوانی لە پلەی یەکەم نزیک ببێتەوە، لە هەمان کاتیشـــدا یانەی پێشـــکەوتن هەوڵی بەردوام بوونی لە ئەنجامە باشەکانی دەدات، لە یارییەکی تردا یانەی کەرکووك میوانداری یانەی ئاســـۆ دەکات کە تیایـــدا یانەی کەرکووك هـــەوڵ دەدات هەر لە ریزبەندی پێشـــەوە بمێنێتەوە و لە ســـەرکەوتنەکانی بەردەوام بێت و یانەی ئاســـۆش هەوڵ دەدات لە دەرەوەی یاریگای خۆی ئەنجامێکی چاوەڕواننەکراو تۆمار بکات و سەرکەتنەکانی یانەی کەرکووك ڕابگرێت و سێ خاڵی یارییەکە مۆسگەر بـــکات و لەهەمان جەولەدا یانەی پێشـــمەرگەی هەولێر میوانداری یانەی ســـیروانی نوێ دەکات کە تیایدا یانەی پێشمەرگەی هەولێر هەوڵدەدات ئەنجامە باشەکانی یانەی سیروانی نوێ رابگرێت و یانەی سیروانی نوێ لەم یاریەدا تەنیا بـــۆ بردنەوە یاری دەکات بۆ ئـــەوەی لە ریزبەندی پێشـــەوە بمێنێتەوە جێگای باسە یارییەکان کاتژمێر ٢,٣٠ بەرێوە دەچێت.

ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانە

کەرکووك — ئاسۆ

پێرس — دهۆك

پێشکەوتن — هەولێر

پێشمەرگەی سلێمانی —سلێمانی

بروسك — هەندرێن

پێشمەرگەی هەولێر — سیروانی نوێ

ئەزمەر — زاخۆ

ئارارات — هەڵۆ



**زیبا محەمەد یاریزانی تایکواندۆی بەحرکە**

# داوا لە ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان دەکەم کە زیاتر پاڵەوانیەتی تایکواندۆ لە کوردستان بکەنەوە

*** چۆن بوو خۆت لە نێو یاری تایکواندۆ دۆزیەوە؟**

- ئەوەی راستی بێت بە هۆی مامۆستاکانم و هاورێکانم ئەوە ماوەی (٣) ساڵە من لە نێو ئەو وەرزشە ئەم یارییە ئەنجام دەدەم.

*** ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- زۆر باشە بەشێوەیەکی زۆر پێشکەوتووە لە شارەکانی کوردستان.

*** کێشە و گرفتتان لەم یارییە چییە؟**

- ئەوەی راستی بێت هیچ کێشەمان نییە.

*** هیوا و ئاواتت لەم یارییە وەکو کچە یاریزانێك؟**

- هیوام وایە ببمە یاریزانی هەڵبژاردەی کوردستان بۆ ئەوەی ناوی کوردستان بەرزبکەمەوە.

*** رات بەرامبەر ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان چییە؟**

- داوا لە ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان دەکەم کە زیاتر پاڵەوانیەتی تایکواندۆ لە کوردستان بکەنەوە بۆ ئەوەی ئاستمان بەرز بێت.

***وەکو کچە یاریزانێك هیچ کێشەیەکت بۆ دروست نەبووە لە کاتی ئەنجام دانی یاری؟**

- نەخێر، چونکە ماڵەوەمان و مامۆستاکانم زۆر هاوکاریم دەکەن.

*** رات بەرامبەر راگەیاندنەکانی هەولێر چییە؟**

- هیوادارم زیاتر خزمەتی یاری تایکواندۆ بکەن چونکە وەکو پێویست خزمەت نەکراوە ئەم یارییە.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی پێوەندیدار چییە؟**

- هیوادارم زیاتر یارمەتیمان بدەن بۆ ئەوەی خزمەتی ئەم یارییە بکەن.

*** دوا وتەت چییە؟**

- داوا لە فایلی وەرزشی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە هەموو وەرزشەکان بە یەك چاو سەیر بکەن.



زیبا محەمەد کچە یاریزانی تایکواندۆی بەحرکە ماوەی (٣) ساڵە لەگەڵ تیپی بەحرکە وەکو کچە یاریزانێك یاری تایکواندۆ دەکات

دیمانە: کارزان کانەبی